### عێراق ناتوانێ ڕەوشی کەرکووک کۆنترۆڵ بکات

# سەڵاح دەلۆ: هیچ سەردەمێک وەک ئێستا ڕەوشی کەرکووک خراپ نەبووە



بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکوک-گەرمیانی پارتی، دڵنیایی ئەوە بە خەڵکی کەرکووک دەدات، ڕەوشی ئێستای کەرکووک بەو شێوەیە نامێنێت و دەڵێ، هیچ سەردەمێک وەک ئێستا ڕەوشی کەرکووک خراپ نەبووە. سەلاح دەلۆ، بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکوک گەرمیانی پارتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: هەر لە سەرەتای داگیردنی شاری کەرکووکەوە لە 16ی ئۆکتۆبەردا، تا ئێستا ڕەوشی کەرکووک لە ڕووی ئەمنییەوە ئاڵۆزە و عێراق ناتوانێ ڕەوشی کەرکووک کۆنترۆڵ بکات، لەبەر ئەوەیش ڕەوش لە کەرکووک زیاد لە حەد خراپە و بە بێ کورد مەحاڵە بەغدا کۆنترۆڵی ئەمنیەتی کەرکووک بکات، شەو و ڕۆژ لەکەرکووک کوشتن و ڕفاندن و خەڵکگرتن هەیە، ئەوەی لە شاری کەرکووک دەگوزەرێ، لە هیچ سەردەمێکدا وەک ئێستا خراپ نەبووە. دەلۆ گوتیشی: ڕەوشی ئێستای کەرکووک جێگەی قبووڵکردن نییە و خەڵکی کەرکووک دڵنیا دەکەینەوە کە ڕەوشی ناوچەکەیان ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام کاتی دەوێت بۆ ئاساییکردنەوە و، بەر لە هەموو هەنگاوێکیش پێویستە لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان یەکگرتوو بن، چونکە ئێستا دەبینین لە عێراقدا زۆرینە دەیەوێ دەستەلاتی بەسەر ئەوانی تردا هەبێت، لەبەر ئەوەیش دەبێت کورد یەکگرتوو بێت و بیر لە خۆی بکاتەوە، خۆ ئێمەیش دەستەوەستان لە هەمبەر ڕەوشەکەدا ناوەستین و دڵنیاین ڕەوشی کەرکووک بەو ئاڵۆزی و داگیرکارییەوە نامێنێت.

# ئازاد تۆفیق: کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا کێشەی خاکە نەک پارە



ئازاد تۆفیق دەڵێ، کێشەی گەلی کورد لەگەڵ حکوومەتی عێراق کێشەی سەلماندنی ناسنامەی کورد و سەنگ و تەرازووی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەو حیزبانەی سەردانی بەغدا دەکەن و تەواوی کێشەی کورد دەبەستنەوە بە مووچەوە، موقەسیرن لە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی.

ئازاد تۆفیق، ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: کێشەی ئێمەی کورد لەگەڵ حکوومەتی عێراق کێشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانە وەک ناسنامە و خاک و گەلێکی بندەستی داگیرکراوە لە 100 ساڵی ڕابردوودا، ئەوەی هەبوو لە پاش ڕووخانی ڕژێمی سەددام حسێن، هیوامان خواست تەواوی کێشەکانمان لەگەڵ عێراقی نوێ چارەسەر بێت، بەڵام ئەوەی ئێمەی کورد چاوەڕێمان دەکرد لە سەرانی تازەی حکوومەتی عێراق وادەرنەچوو بۆیە کێشەکان بەردەوامن.

گوتیشی: هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا چەسپێندراوە، بۆیە دەبێ ئەو هەرێمە بودجە و مووچەی لە حکوومەتی مەرکەزییەوە بۆ بێت، هیچ کات نەبەسرێتەوە بە سیراحە سیاسییەکانەوە، وەک ئێستا حکوومەتی عێراق، قووتی هاووڵاتییانی کوردستان لە ساڵی 2014ەوە بڕیوە و بە سیاسیی کردووە، کە پێشێلی دەستوورە و بە هۆیەوە قەیرانێکی گەورەی ئابووری ڕووی لە هاووڵاتییانی کوردستان کردووە.

لەبارەی کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق، کە ئاخۆ بەتەنیا کێشەی مووچە و بودجەیە، ناوبراو دەڵێت: ئێمە وەک گەلی کورد کێشەمان لەگەڵ حکوومەتی عێراق کێشەی سەلماندنی ناسنامەی کورد و سەنگ و تەرازووی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە نابێ ئێمە تەنیا بیر لە مووچە و بودجە بکەینەوە و فەرامۆشی ناسنامە و خاک و نەتەوایەتیمان پشتگوێ بخەین، ئەو مافە نەتەوەییانەی کە لە دەستووری عێراقدا چەسپێندراوە، داوای جێبەجێکردنیان بکەین.

چەند حیزبێکی کورد بۆ مەرامی سیاسی، ڕۆژانە کاریان بووە بەوەی کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە پرسی مووچە و پێوەندییان بە سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە بڵاو بکەنەوە، وەک بانگەشە، لە کاتێکدا ئەو پرسانە تایبەتە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئازاد تۆفیق لەو بارەیەوە دەڵێت: ئێمە کێشەمان لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەیە، بەڵام لەم لاوە حیزبی سیاسی دەڕوات لەگەڵ عەبادی کۆ دەبێتەوە، باس لەوە دەکات کە هەوڵی ناردنی مووچەی فەرمانبەران دەدەین، بەڵام چەندین جار عەبادی، خۆی ڕایگەیاندووە، کە حیزبی کورد هەیە لەم کوردستانەوە ڕۆیشتووەتە لای عەبادی پێی گوتووە مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان مەنێرە، بۆیە ئەو حیزبانە موقەسیرن لە ئەدائی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد.

ناوبراو گوتیشی: لە ساڵی 1930هاووڵاتییانی سلێمانی خۆپێشاندان دەکەن، کە کێشەیان دەبێت لەگەڵ حکوومەتی ئەوکاتی عێراق، لەو خۆپێشاندانە چەند هاووڵاتییەک شەهید دەبن، پاشان چەند کەسێک بە وەفدێک دەڕۆن بۆ بەغدا، هەر ئەوکاتە ڕۆشنبیران و شەقامی سلێمانی، زۆر خراپ لەسەر ئەو کەسانەیان نووسی، ئێستاش تێناگەین کاتێک کێشەمان لەگەڵ بەغدا هەیە چۆن دەبێت حیزب بڕوات و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکوەزیران بکات و هەموو کێشەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان ببەستێتەوە بە مووچەوە.

### فرانسوا ئۆلاند ڕەخنە لە خۆرئاوا دەگرێت:

# بۆچی پشتتان لە کورد کرد



**K24:** سەرۆکی پێشووی فەرەنسا، فرانسوا ئۆلاند، ڕەخنەی لە بێدەنگی وڵاتانی خۆرئاوا کرد، لە بارەی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین و ڕایگەیاند، پێویستە خۆرئاوا فشاری گەورە بخەنە سەر تورکیا و رووسیا لە پێناو ڕاگرتنی هێرشە سەربازییەکانی سەر عەفرین و غوتەی خۆرهەڵات.

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی، سەرۆکی پێشووی فەرەنسا ڕەخنەی لەو هێرشەی تورکیا گرت، کە دەیکاتە سەر یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و هەروەها ڕەخنەی لە نەرمی نواندنی خۆرئاواش لە هەمبەر ڕەفتارەکانی تورکیا گرت.

فرانسوا ئۆلاند، گوتی: ئەگەر ئێوە لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پشتیوانی کورددتان کرد، بۆچی لەم ڕەوشەدا دەستبەرداریان دەبن.

لەو چوارچێوەیەدا، سەرۆکی پێشووی فەرەنسا سەردانی نوێنەرایەتی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوای کوردستانی لە پاریس کرد.

لە میانی سەردانەکەیدا ڕایگەیاند، "هێزە کوردییەکان، شەڕی داعشیان کرد و یارمەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیان دا و ڕەققەیان ڕزگار کرد، ئەمڕۆش ڕووبەڕووی هێرشی سوپای تورکیا بوونەتەوە. لە میانی ماوەی سەرۆکایەتیمدا لە عێراق و سووریا هەماهەنگیمان هەبووە لە دژی داعش. پێویستە قەدەغەی ئاسمانی بسەپێنرێت بەسەر ناوچەکەدا بۆ ئەوەی ڕێگری لە هێرشی فڕۆکە جەنگییەکان بگیرێت".

سوپای تورکیا لە 20ی کانوونی دووەمی 2018ەوە بە یاوەری زیاتر لە 25هەزار چەکداری میلیشیا ئیسلامییەکانی بەرەی نووسرە و بەرهەڵستکارە سوورییەکان هێرشی ئاسمانی و زەمینی بۆ سەر عەفرین دەستپێکردووە.

دوای زیاتر لە 50 ڕۆژ لە هێرش و بۆردومانکردنی عەفرین، تا ئێستا وڵاتانی ئەورووپا و خۆرئاوە هیچ کاردانەوەیەکی توندیان لە دژی ئەو هێرشانەی تورکیا و میلیشیا هاوپەیمانەکانی دەرنەبڕیوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بێدەنگی لە ئاست ڕوودانی کارەساتی مرۆیی لە عەفرین تۆمەتبار دەکرێت.

# خورماتوو... ژمارەیەک خانوو و زەویوزاری کورد داگیر دەکرێت

**خەبات/ عومەر ئاوارە**

جێگری پێشووی پارێزگای سەڵاحەدین ئاشکرای دەکات کە لەلایەن تورکمانی شیعەو عەرەبی ناوچەکەوە دەست بە پێشێلکاری دژ بە کوردانی ئەو شارۆچکەیە کراوە. د. ئەمین عەزیز جەواد جێگری پێشووی پارێزگای سەڵاحەدین لە سەر پشکی کورد هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوەو بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: لە دوای ڕووداوەکەی 16ی ئۆکتۆبەرەوە چەندین پێشێلکاری جۆراوجۆر دژ بە کوردانی شارۆچکەی خورماتوو کراوەو کوردیش لەو شارۆچکەیە دەسەڵاتی نەماوە کە پێشووتر دەسەڵاتی یەکەم بووە لەخورماتوو. گوتیشی: لە شارۆچکەکە ژمارەیەک خانوو و زەویوزاری کوردان لە لایەن عەرەب و تورکمانی شیعەوە دەستی بە سەردا گیراوە و خانووی لە سەر دروستکراوە کە زۆرینەی ئەو زەویوزارانە بە فەرمی بە ناوی کوردەوەیە و تاپۆی فەرمییان هەیە کە ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر ئێستاو داهاتووی کورد لە ناوچەکە.

# 11000

## کەس لە مووسڵ بێسەروشوێنن

K24: عەقیدێکی پۆلیسی مووسڵ بەناوی «حەجار» ئاشکرایکردووە، لە ساڵی 2014و لەوکاتەوەی داعش ناوچەکانی عێراقی کۆنترۆڵ کرد، زیاتر لە 11هەزارکەس لە پارێزگای نەینەوا تا ئێستا بێسەروشوێنن. حەجار دەڵێت: تا ئێستا دەسەڵاتدارانی عێراق نەیانتوانیووە چارەنووسی ئەو بێسەروشوێنانە یەکلایی بکەنەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی تونێل و حەشارگەکان و بارەگاکانی داعشیان لە پاش پرۆسە سەربازییەکانی پاریزگای نەینەوا پشکنیووەو ئاماژەی بەوەکردووە، خێزانی بێسەر و شوێنەکان بەرپرسیارییەتییەکەی دەخەنە ئەستۆی حکوومەتی عێراق و حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق کە نەیانتوانیووە چارەنووسیان دیاری بکەن.

شاری مووسڵ دووەم گەورەترین شاری عێراقە و ڕۆژی 10/6/2014 چەکدارانی داعش کۆنترۆڵیان کرد، پاش ئەوەی هێزە ئەمنییەکان و سوپای عێراق بەرگرییان نەکردو پارێزگاکەیان دابەدەستەوە، ماوەی زیاتر لە 3ساڵ لەژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعشدا بوو کە خۆیان پێیاندەگوت "خەلافەت" تا دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنی هاتین نەینەوا لە 17/10/2016بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگاکە و لە 10/7/2017توانرا شارەکە کۆنترۆڵ بکرێتەوەو ڕۆژی 9/12/2017 حەیدەر عەبادی کۆنترۆڵکردنەوەی دوا مۆڵگەی داعشی لە عێراق ڕاگەیاند و وتارێکی بەناوی "سەرکەوتن" پێشکەش کرد.

### تا ئێستا 70 تا 80 هەزار کەس تێکەڵی تیرۆریستانی داعش بوون

# بەشار کیکی: شانە نوستووەکانی داعش لە مووسڵ جێگەی مەترسین



سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، بەشار کیکی ڕایگەیاند، قۆناغی یەکەمی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ بەردەوامە و هەوڵدەدەین کار و پرۆژەی زیاتر پێشکەشی شارەکە بکەین. بەشار کیکی لە لێدوانێکدا گوتی: ئەو زانیاریانەی لە دەزگا هەواڵگریی و دەزگاکانی ئاسایشی عێراق بە دەستمان دەگەن پێمان دەڵێن کە شانە نوستووەکانی داعش لە مووسڵ ماون و ئەمەیش جێگەی مەترسییە، دەبێت هیچ دەرفەتێک بۆ کردەوەکانیان و خۆڕێکخستنەوەیان نەهێڵین، ئەگینا شارەکە سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت. گوتیشی: دوایین ئامارک بە دەست ئێمە گەیشتبێت، ٧٠ بۆ ٨٠ هەزار کەس بە جۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵی تیرۆریستانی داعش بوون تا ئێستا، هەرچەند چەکیان بەدەستەوە نییە، بەڵام هەڵگری هزر و ئایدۆلۆجیای داعشن، ئەمەیش جۆرێکی دیکەیە لە مەترسی. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا ڕۆڵی هاووڵاتییانی مووسڵ لە هاوکاریکردنی دەزگا ئەمنییەکان بەرز دەنرخێنێت و دەڵێت: هاووڵاتییانی مووسڵ بە هاوکاریکردنی دەزگا ئەمنییەکان و پێدانی زانیارییە لە کەسە گومانلێکراوەکان سەقامگیری شارەکەیان دەپارێزن و ئەمەیش هەنگاوێکی گرنگ و چارەنووسسازە بۆ ئاسایشی مووسڵ.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، بەشار کیکی لەبارەی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ گوتی: پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ دەستی پێکردووە و قۆناغی یەکەم بەردەوامە کە بریتییە لە پرۆسەی گەڕانەوەی ئارامی بۆ شار و هەروەها دابینکردنی ئاو و کارەبا بۆ هاووڵاتییان، پرۆژەکانی ئاو و کارەبای مووسڵ هەرچەند وەک پێویست نین، بەڵام کەم یان زۆر بۆ هاووڵاتییان دابینکراوە و هەوڵ و کارەکانمان بەردەوامە بۆ ئەوەی ئاو و کارەبای زیاتر بۆ هاووڵاتییان دابین بکەین.

کیکی دەشڵێت: قۆناغی یەکەمی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ پێویستی بە ١٠٠ ملیار دینار دەبێت بۆ ئەوەی پرۆژە گرنگەکانی شار بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ناوبراو دەشڵێت: پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ هێندە ئاسان نییە بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ یان مانگێک و دوو مانگ کۆتایی بێت، بەڵکو بە چەند قۆناغێک ئاوەدان دەکرێتەوە، ئەو کارانەی لە چوارچێوەی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ کراوە جگە لە دابینکردنی ئاو و کارەبا زانکۆی مووسڵ دەستی بە پرۆسەی خوێندن کردووە و لە بەرنامەی ئیدارەی پارێزگای نەینەوادایە کە لقی نەینەوای بانکی مەرکەزی لە مووسڵ بکەینەوە و هەروەها فەرمانگە حکوومییەکان نۆژەن بکەینەوە.